**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (پەنجاو شەش)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١)ی رۆژی ٢٠١٥/٥/٢٠ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٥**

**یاسای هەمواری دووەمی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی**

**ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**

برگەی (٤) لە ماددەی (٥٧)ی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان لە کاردەخرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

٤ـ

أ ـ هەریەك لە دایك و باوك مافی بینین و، مانەوەی منداڵەکانیان هەیە لە پاش جیابوونەوە و نەمانی پەیوەندی هاوسەرگیری و، نەمانی یەکێکیان، ئەو مافە بنەچەکانیش دەگرێتەوە.

ب ـ تەنها دایەنی منداڵ (باوك یان دایك)، لە دوای نەمانی ئەوانیش ئەو کەسەی مافی دایەنی هەیە بە پێی یاسا بەرکارەکان سەرپەرشتی پەروەردە و فێرکردن و بواری کۆمەڵایەتی منداڵ تا تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵ دەکات.

ج ـ بینین لە ماوەی شیرەخۆریدا لە مانگێکدا دووجار دەبێت لە شوێنێك کە لەسەری رێك دەکەون، لە حاڵەتی رێك نەکەوتن، لە شوێنێك دەبێت کە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات.

د ـ لە پاش شیرەخۆری کات وشوێنی مانەوە بەپێی رێکەوتنی هەردوولا دەبێت، لە حاڵەتی رێك نەکەوتن مانەوە هەفتانە (٢٤) بیست وچوار کاتژمیر بەسەریەکەوە دەبێت لە شوێنێك کە کەسی داواکاری بینین (غیر حاضن) دیاری دەکات بە پێی بەرژەوەندی دایەنکراو، پاش کۆتایی هاتنی بینینەکە دەبێ دایەنکراو بداتەوە دەستی دایەن بە پێچەوانەوە تا مانگێك مافی بینینی نابێت.

هـ ـ ئەگەر دایەن رێگەی لە بینینی دایەنکراو گرت بەبێ پاساوی ڕەوا لەلایەن جێبەجێکاری داد ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر دووبارەی کردەوە بەپێی بڕیاری دادگای تایبەتمەند بۆ ماوەی مانگێك دایەنی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە بەپێی یاسای بەرکار ئەو مافەی پێدەدرێت.

و ـ سەفەرکردنی دایەنکراو بۆ دەرەوەی وڵات تەنها بەڕەزامەندی دایك و باوك دەبێت، لە کاتی نەمانیاندا کەسی دایەن بەپێی یاسا ئەو مافەی دەبێت، هەر لایەکیان سەفریان پێکرد دەبێت بەڵێننامەیەك بدات کە پابەند بێت بە گەڕاندنەوەی بۆ وڵات.

ز ـ ئەندامی داواکاری گشتی لە دادگای باری کەسیدا چاودێری بە چاکی جێبەجێکردنی بڕگەکانی سەرەوە دەکات و لەکاتی بوونی سەرپێچیشدا رێکاری یاسایی پێویست وەردەگرێت.

**ماددەی (٢):**

لایەنە پەیوەندیدارەکان رێنمایی پێویست دەردەکەن بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٣):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٥):**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لە پێناو پاراستن و فەراهەم کردنی مافەکانی منداڵ و پێدانی دەرفەتی یەکسان بە باوك و دایك بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان و، جێبەجێکردنی بنەماکانی شەریعەت و جاڕنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و مافی منداڵان و، چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی دەرهاوێشتە نەرێنییەکانی جیابوونەوە لەسەر منداڵان، ئەم یاسایە دانرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**